لەسەرەتاوە ڕۆیشتنی مێردەکەم بەلاوە ئاسایی بوو، بەڵام دواتر بۆم دەرکەوت کە ئەوەی من چاوەڕوانم نەکرد لەهەگبەکەیدا بوو، لەپاش (٤) ساڵ دووری بەساردیەوە پێی گوتم ئەگەر بەدڵتە ئەوا دانیشە و منیش چاوم لێتە، ئەگەر نا ئەوە ڕێگەی ماڵ باوکت زۆر دوور نییە!"، دوای ئەو قسەیەی مێردەکەی (زارا) بۆی دەرکەوتوە کە بەتەواوی فەرامۆشی کردووە ولەخەمی ئەودا نییە، بۆیە تەنها دوو ڕێگەی لەبەردەمدا بوو، یان بەدیار منداڵەکانەوە دابنیشێت و چارەنووسی بداتە دەست قەدەر و بەخەیاڵی ئەوەوە بژێت کە مێردی لەهەندەران بێتەوە، یان بچێتەوە ماڵ باوکی و منداڵەکانی سەرگەردان ببن، بەڵام وەک ئاماژەی بۆ کرد" ئاگری جەرگ ناچاری کردم ڕێگەی یەکەم هەڵبژێرم و بەدیار منداڵەکانمەوە دابنیشم".

(زارا) بەردەوامە لە قسەکانی و بۆ چاو گووتی"من ئێستاش هەر بەخەیاڵی هاتنەوەی مێردەکەم دەژیم، بەڵام دڵنیایشم نایەتەوە، ئەگەر بشگەڕێتەوە جارێکی ترمن وەک جاران نابم لەگەڵیدا، من بەبۆنەی منداڵەکانەوە ماوم".

(شەیدا ستار) ئافرەتێکی جوان و سەرنج ڕاکێش و سەنگینە، ئەو لەتەمەنی (١٨)ساڵیدا شووی بەکوڕێکی دەوڵەمەند و خاوەنی ئۆتۆمبیل و خانوو و پارە کردووە و وەک ئاماژەی بۆکرد ئەو کوڕە ماڵێکی تەواویشی بۆ کردووە، بەڵام دوای نزیکەی ساڵێک هەرکە یەکەم منداڵیان بووە، مێردەکەی دەچێتە هەندەران، وا بۆ (٨) ساڵ دەچێت بەجێی هێشتووە و شەیداش بەمنداڵەکەیەوە لەگەڵ ماڵی دایکی دەژی و مێردەکەشی هیچ پارەیەکی بۆ نانێرێتەوە گوایە تا ئێستا وەرنەکیراوە و بێ ئیشە. ئەو بەخەمەوە گوتی" من ئێستا فەرمانبەرم پارەکەم هیچ بەشم ناکات، ماڵی دایکیشم وەزعی مادیان باش نییە، کەچی مێردەکەشم گوێم پێ نادا و زۆر بێ باکانە دەڵێ بڕۆ شوو بکەرەوە".

(شەیدا)نەیشاردەوە کە بەهۆی جوانیەکەیەوە زۆر کەس چاویان تێ بڕیوە و داوای پەیوەندی لێ دەکەن و دەیانەوێ بەلاڕێیدا بەرن، بەڵام "سەرەڕای ئەوەی کە گەنجە و خاوەن هەستە و چەند ساڵێکە مێردەکەی لێ دوورە تا ئێستا خۆی نەدۆڕاندووە" وەلێ بەترس و شەرمیشەوە گووتی" زۆر لەوە دەترسم ڕۆژێک لەڕۆژان خۆم بدۆڕێنم"، بۆیە ئەو ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە زۆر پەشیمانە لەو شووەی کردوویەتی و ئومێد دەکات" ژنی کرێکارێک یان حەماڵێک یان شوانێک بوایە بۆ ئەوەی هەموو ئێوارەیەک مێردەکەی بهاتبایەتەوە ماڵەکەی".

(دیمەن ڕۆستەم ) ژنێکی دیکەیە لەو ئافرەتانەی پیاوەکانیان ملی ڕێیان گرتووە، ئەو سەبارەت بەو جێهێشتنە گووتی" لە تەمەنی (١٩) شووم کرد زۆر دڵم بەماڵ و مێردم خۆش بوو، بووین بەخاونی کوڕو کچێک، دواتر مێردەکەم خانو و ئۆتۆمبیلی فرۆشت و ڕۆیشت بۆ دەرەوە، ئەوە هەشت ساڵە لەوێیە، ئەو هەشت ساڵە دوو جار هاتووەتەوە منی دووگیان کردووە و گەڕاوەتەوە"، ئەو ژنە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە پیاوەکەی هاوکارییان دەکات، بەڵام ئەمە بەس نیە " مێردەکەن پارەمان بۆ دەنێرێتەوە و وەزعیشمان باشە، بەڵام من گەنجم و چاوی خەڵکم لەشوێنە،منیش مرۆڤم و لەهەموو شت زیاتر ئێستا پێویستم بەوەیە کە مێردەکەم لەلام بێت"، (دیمەن) و زۆر ئافرەتی تریش گلەییان لە ڕاگەیاندنەکان و مەلاکان کرد کرد کە وەکو پێویست باس لەکێشەکانی ئەوان ناکەن، بەتایبەت مامۆستایانی ئاینی (دیمەن) دەڵێت (ڕۆژێک نەمبیست مەلایەک بڵێت با پیاوان ژنەکانیان بەتەنها لەکوردستان جێ نەهێڵن و ئەوە کارێکی باش نییە، من پێم وایە شەرع ڕێگە بەوە نادات پیاو ژنێکی جوان بۆ چەند ساڵێک جێ بهێڵێ".



لەبەر ئەوەی بەشداری هەمووخەم وخۆشییەکانی ژیانی تۆیە و دایکی مندالّەکانت و هاوسەرتە، زۆرکاتیش لە پالّ ئەرکە قورسەکانی رۆژانەی نێومالّ وپەروەردەکردنی مندالّ، بەرپرسیارێتی کاری دەرەوەی مالّەوەش دەگرێتە ئەستۆ، هاوکارتە لە دابینکردنی پێداویستی رۆژانەی ژیانی خێزانی بەتەرخانکردنی مووچەی مانگانەی کارکردنی و پالّپشتکردنی تۆی هاوبەشی ژیانی، بێ ئەوەی چاوەڕوانی تورەبوون و سکالاّکردنی لێبکەیت لەمەڕ ئەو هەموو ماندوبونەی رۆژانەی، خۆئەگەر سکالاّ بکات ئەوە راستەوخۆ بە توند و تیژی روبەروی دەبیتەوە بێ ئەوەی ئاوڕدانەوەیەکت هەبێ لەوفشارە زۆرەی رۆژانەی کار و ماندووبونی بەشێوەیەکی لەرادەبەدەر.

بەشیکی پیاوان دەیانەوێت هاوسەرەکانیان هەردوو رۆڵی سەرەکی خێزان ببینن، رۆڵی پیاو لەکارکردنی دەرەوەی مالّ و دابینکردنی بژێوی ژیانی رۆژانە، و رۆڵی خۆشی وەک ئافرەت لە نێومالّ و هەلّسوڕاندنی سەرجەم کارەکانی مالّ، تەنانەت ئەو ئەرکانەش کە لە ئەستۆی پیاودایە و بەجێیان ناهێنێ ودەیداتەوە سەرشانی ئافرەت، رۆڵێکیش لەکاتە تایبەتەکاندا، کەدەبێ لەوپەڕی ناسکی و سۆزبەخش و لێبوردەیی وروگەش بێ!!

بە پێی داخوازێکانی شەوانی ئەوان هەستێت، بێ ئەوەی تۆزقالّێک ماندوبوونی پێوەدیاربێ! ئەوەی پیاوان لێی نەگەیشتوون ئەو راستییەیە کە هاوکاریکردنی ئافرەت لەکارەکانی نێومالّ شتێکی زۆر ئەرێنی وئاساییە، تەنانەت شتێکی مۆدێرن وپۆزەتیڤە، ئاسوودەیی وخۆشەویستی وخەسلەتی حەوانەوە دەبەخشێتە مالّ وخێزان، زۆرکاریگەری پۆزەتیڤ دیکەشی لێ دەکەوێتەوە، کە ئەمە بۆ خۆی یەکێکە لەخەسلەتە سەرەکی و دروستەکانی خێزانی بەختەوەرە، پەیرەوکردنی وپاراستنی ئەم خەسلەتەش لەلایەن پیاوانەوە درێژە بەمانەوەی ئەوشادمانییە خێزانییە دەدات کە هەردوو لا، تەنانەت مندالّەکانیشیان لێی سوودمەنددەبن.

توێژەران لەزانکۆی ( (براون))ی ئەمریکی، توێژینەوەیکیان لەسەر (٢٦٥)لەهاوسەرە کرێکارەکان کرد، دەرکەوت کە کەمتر لە (٧٤٪)پیاوان هاوکاری هاوسەرەکانیان ناکەن لەوحالّتەی کە ئافرەتەکە بە هەموو کاری نێومالّ هەلّدەستێت، ئەم رێژەیەش کەمترە لای ئەوپیاوانەی سەرجەم ئەرکەکانی نێومالّ فرێدەدەنە سەر هاوسەرەکانیان، لەنوێترین توێژینەوەی ئەو زانکۆیەش دەرکەوت کە ئافرەتان هەفتانە پترلە (٤٠) کاتژمێر تەنها بە کارەکانی نێومالّ دەبەنە سەر، لە کاتێکدا کاری هاوسەرەکانیان لە دەرەوەی مالّ هەفتانە لە (١٧)کاتژمێرتێپەرناکات!

هەستکردنی ئافرەت بەو ماندووبونە بەردەوام و زۆرە، کە لە سەرووی وزە وتوانایخۆیەتی، چ لە نێو مالّ یاخود لە دەرەوەی مالّ جۆرە رق و پەستبوونێک لە ناخیدا دروست دەکا، زۆرجاریش ئەم تورە بوونە پەرەدەسەنێت،کە ئەمەش حالّەتێکی دەرونی وسروشتییە ببێتە کێشە و

# هاوکاریکردنی هاو ژیانەکەت لە ئەرکەکانی نێومالّ لە کەسایەتیت کەم ناکاتەوە

وەرگێرانی :سەمیرە حسێن جاف





ژیانی هاوسەرێتی بشێوێنێت! هەموومرۆڤێک ژن بێ یان پیاوتوانا و وزەی سنووردارە، کە گەیشتە رادەیەک ئەو سنوورەی تێپەڕاند،ئەوە کاردانەوەی خراپی لێدەکەوێتەوە ودەبێتە هۆی هەڵچوون وماندووبونی دەروونی وجەستەیی لە رادەبەدەری ئەو مرۆڤە،دەرئەنجامەکەشی دروستبوونی کێشە و بەرەنگاربوونەوەی لێپەیدادەبێت لەنێوان ژن وپیاو.

(باتلۆف) کە شارەزایە لە پەیوەندییەکنی هاوسەرێتی، دانەری کتێبی بەناوبانگی (خۆشەویستی راستەقینەیە)یە، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە چاکترین رێگە بۆ ئەوەی هاوسەرەکەت لە ئەرکەکانی نێوماڵ هاوکارت بێ، ئەوەیە فێریبکەیت و بەشێوەیکی دیار کەچی لێ داواکراوە، واتە ئەوکارەی بۆدەست نیشان بکەی بەوردی، لەبەر ئەوەی زۆربەی پیاوان نازانن دەبێ چی بکەن لەوکارەی پێیان راسپێردراوە، بەواتا یەکی تر،نابێ پێی بڵێ ئەم ژوورەم بۆ رێکبخە، بەڵکو دەبێت کارەکانی بە وردی بۆ دەست نیشان بکەیت و کاتێ کارەکانت بۆ بە ئەنجام دەگەیەنێت، دەبێت پەسەندی بکەیت و رخنەی ئاراستەی نەکەی، تەنانەت ئەگەر بەجوانییش ئەوکارانەی ئەنجام نەدابێت، بۆ نموونە کاتێ رەنگی جلەکان تێکەڵ و پێکەڵ دەبێ لەنێو ماشینی شتن لێی مەگرە وتورە مەبە، دەکرێت بەشێوەیکی رۆمانسی وپڕ سۆز ستایشی بکەیت، چونکە پیاو وەک (باتلۆف) باسییان لێوە دەکات، چێژ لەوە وەردەگرن کە هاوسەرەکانیان بەرویەکی خۆش وگەشبینییەوە بەرامبەر بە ئەوان و کارەکانیان دەبینن و رەزامەندییان لێ بەدی دەکەن.

ئەگەرپیاوان پێیان وابێت ئەرکی نێوماڵ تەنهاپەیوەستە بە ئافرەتانەوە وبەرپرسیارێتی هەڵناگرن، دەتوانم بڵێم:کەسایەتی پیاو بەو بەرپرسیاریتییە بەهێزتر وجوانتر وپەسەندتر دەبێت، وە هیچ لە کەسایەتیان ناشێوێنێت وەک ئەم بیرکردنەوە هەڵەیە لەسەردەمێکی کۆنی نەرێتی گوازراوەتەوە وبەردەوامە تا رۆژگاری ئەمڕۆ و چەسپاوە لە بیر و هەزری پیاوان، ئەمەش بۆخۆی هەڵەیە ودەکرێت هەموار بکرێت بەو هەماهەنگییەی پیاوان کە هیچی تیاناچێت، بەڵکو کاردانەوەی زۆرجوانی دەبێت لەسەرتاکەکانی خێزان، بەتایبەت لەسەر هەردوو هاوسەر وپەیوەندییە کەیان توکمەتر دەکات، لەرووی مرۆییشەوە بەها مرۆڤایەتییەکانی پیاو زیاتر روون دەکاتەوە وتاکەکانی خێزان دەرکی پێدەکەن وبەکەسێکی خاوەن هەڵوێست وهەست تەماشای دەکەن.

دکتۆر (بۆب کینی) راوێژکاری دەزگای ئەمریکی بۆپەیوەندییە خێزانداریەکان، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوەن کە پیاوان دەبێت هاوکاری ژنە کانیان بن لە ئەرکەکانی نێوماڵ وەک چۆن ژنەکانیان هاوکاریانن لەدابینکردنی بژێوی ژیانی رۆژانەی نێوماڵ، بەڵام هەندێ لەزانایانی دەرون ودەروونناسان ئاماژە بەوە دەکەن کەوا چاکترە ئەو هاوکاریکردنە نەسەپێندرێتە سەر پیاو وەک شتێکی فەرزکراو، چونکە پیاو لەسروشتی خەسلەتەکانی مرۆڤێکی کەلە رەقە،ئەوەی لێی داوادەکرێت لەژیانی رۆژانە زۆر جار رەتی دەکاتەوە و نایکات، بەتایبەتی کاتێ دەرکی ئەوە بکات کە ئەوکارە فەرزکراوە تە سەری.!

بەپێی قسەی دەروونناسان چاکترین رێگە بۆ دابەشکردنی کارەکانی نێوماڵ بەسەر هەردوو هاوسەر، بێ فەرزکردنیان ئەوەیە کە ژنەکان هانی بەردەوامی پیاوەکانیان بدەن بۆ هاوکاریکردن وهەستکردن بە بەرپرسیارێتی، هەروەها دەستخۆشییان لێ بکە ن لە دوای هەر هاوکاریکردن ودەست پێشخەرییەک بۆجێبەجێکردنی کاری نێوماڵ، لە هەمان کات جاوپۆشی کردن لەو هەڵانەی پیاو دەیکات لە چۆنێتی راپەڕاندنی ئەوکارانە، چونکە را نەهاتووە لەسەرئەوجۆرە کارانە، وهەر چی رەخنەیک یاخود نارەزاییەک دەرنەبڕن لەسەرئەو هەڵانەی دەیکات لەوکارانە، چونکە لەوانەیە پیاو تورە بکات وجارێکی دی بیر لەوە نەکاتەوە هاوکاری بکات لەئەرکی نێوماڵ. بەشێوەیەکی دی ئافرەت دەتوانێ وردە وردە مەودای پیرۆزی ئەو هەماهەنگییەی هاوسەری پیشاندات و بەرز بینرخێنێت و بەهەست و زمانێکی شیرین وناسک گوزارشتی لێوە بکات تا ئەو هاوسەنگییەی ئەرک وماف کە ئافرەت دەیخوازێ لەم رووەوە وبەو شێوەیەی کە خواستراوە بەدەستی بهێنێ.

# پیاوەکەم منی خۆش ناوێت..!



لەگەڵ پیاوەکەم لەسەرەتای ژیانی هاوسەرێتیمان زۆر کێشەمان بۆ دەهاتە پێش،زۆر جار گرفت وئاریشەمان لە هیچەوە بۆ دروست ئەبوو،شەرمان دەکردچاوەکانم پڕدەبون لەفرمێسک،بەڵام هەرگیزنەی دەهێشت ئەوفرمێسکانە وشکەوە بن بزەی دەخستە سەر لێوەکانم وئاشتی دەکردمەوە، هونەرمەندێکی گەورەبوو لەگۆڕینی تۆران وفرمێسک بۆ بزە وپێکەنین،شەڕو ئاژاوەی دەگۆڕی بۆ گلیی و لێبوردن وئاشتی،ماڵە باوانم تەمێیان ئەکردم کە دڵم گەورە بکەم وهاوسەری خۆم خۆش بوێت لێبوردەیی پەیڕەو بکەم وکاتێکمان ئەوێت بۆ ئەوەی بەتەواوی شارەزای یەکتر ببین،ژیانی خۆمان خۆش بکەین،بەهەر حاڵ ژیانمان راستە بەردەوام بوو، بەڵام زۆربەی شتەکان ببوو بەشەڕ بەلێبوردن بەئاشت بونەوە .. شەڕ، هەستم دەکرد وەکو منداڵێک سەیرم ئەکات زۆر جار کیشەکانمانی واپیشان ئەدات کە ئیتر دووبارە نابێتەوە،هەستم ئەکرد هەموو هەوڵێکی بۆ ئەوەیە دڵی من نەرەنجێت و داواکارێکانم بۆ جێبەجێ ئەکات وگفتو گۆی بیروڕاکانی من ناکات وئەڵێت هەمو ڕاکانم تەواوە،هەر بۆیە هەست ئەکەم هەموو ئەوانە بۆ ئەوە ئەکات شەڕمان نەبێت!زۆر لەپێویست زیاتر بایەخ بەمن ئەدات،باوکم هەمیشە پێم ئەڵێت خوشەویستی وڕێز بەس نیە بۆ لەیەک تێگەیشتنی ژن وپیاو،بەڵکو هەڵوێست و پشتگرتنی یەکتر زۆر پێویستە،ئەم پیاوەی من وەک ئەوە وایە چاوی پێوە نەبێت کاتێک جلێکی تازە ئەکڕم یا پرچم رەنگ ئەکەم هەرگیز بایەخ بەم نادات رای خۆیم پێ ناڵێت!؟ئەڵێی کەڕە کەمن قسەی بۆ ئەکەم وباسێکی بۆ ئەگێڕمەوە لەکاتی نەبونی ئەو لە ماڵ چی رویداوە،قسە زانێکی باشە لەگەڵ هاوڕێ کچەکانی و میوانەکانمان،ئیوارە پێی ئەڵێم بەیانی دەچینە بازاڕ کەچی بەیان بەتەنیا لەماڵ دەر ئەچێت!کەدەپرسم بۆ؟ ئەڵێت لە بیرم چوو؟!کەچی لەگەل هاوڕێ وکچە ناسیاوەکانی یادگاری زۆر کۆن ئەگێڕێتەوە!هەرچەندە کاری زۆرە کەچی بچوکت ترین پەیوەندی تەلەفونی لە بیر ناچێت، ئەمە مانای پشت گوێ خستنی من نەبێت ئەی چیە؟بۆیە من هەست ئەکەم ئەم پیاوەم منی خۆش ناوێت.

کۆتایی رێگا ....!

هەموو شتێکم لە بیر بچێ ئەو رۆژەم لە بیر ناچێت کە بۆ یەکەم جار ئەم خێزانەی خۆم ناسی!ئەوکات ووتم ئەم کچە ببێتە هاوسەری هەرکەسێک قەت پیر نابێت،دەموچاوێکی منداڵانە وجوان وئەفسوناوی وپڕ لەبێگەردی،ئەم جوانیەش دوای گواستنەوەی هەمو رۆژێک جوانتر ئەبوو، چاوەکانی وەکو مانگەشەوی ناو دەریا دەبروسکانەوە کاتێک پڕ ئەبون لەو فرمێسکانەی کەی دوای کیشەکانمان دەیان ئەویست بخزینە خوارەوە وبەدەستەکانم رێگام لێ ئەگرت و ئاشتم ئەکردنەوە،من زۆر بەدوای کێشەکانماندا نە ئەچوم وئەمزانی هێشتا تەمەنی منداڵە ودەبێ دڵی رابگرم،ئێستا هەست ئەکەم کەوتومەتە داوی منداڵێکی جوانەوە و ئیتر بەئاسانی لێ ی دەرناچم،نەک من خۆیشی لە خەیاڵی منداڵێتی ناتوانێت دەربازبێت و بیانو لەمنیش دەگرێت؟!وائەزانم بڕیاری داوە تامردن هەر منداڵبێت!بچوکت ترین کێشەمان دوای ماوەیەکی کەم دەگاتە باوکی!بەتوندی بەرانگیریم لێ دەکات کاتێک ئەڵێم با منداڵێکمان ببێت؟!کەچی دەیەوێت هەر خۆی منداڵی ماڵەکەمان بێت؟چەندین جار پێم وتووە خۆشەویستی وسۆز وەکو ملوانکەیەکی زێڕ نیە لە ماڵدا بیشاریتەوە وهەرکەی ویستت لەملی کەیت جوانیەکەی یەکەم جاریت نیشان بدات،بەڵکو خۆشەویستی وەکو ژیان وایە ئەبێ لە هەر قۆناغێکدا تازە بکرێتەوە،کە وامان نەکرد شتێک نامێت تا کۆتایی ناوی خۆشەویستی بێت وسیس وکاڵ ئەبێتەوە،بەداخەوە لەسەر بچوک ترین شت دەست دەکاتە گریان وگریانی کردوەتەگەورەترین چەکی و نایەوێت لە من بگات کە چەند مەبەستم خۆمە ئەوەندەش ئەوم لەلا گرنگە ورەنگە زیاتریش،زوو زووش بەمن دەڵێت تۆ منت خۆش ناوێت!سەد جارم پێوتوە پێوەر چیە تابزانی تۆم خۆش ئەوێت یا نا کەچی هەر لەسەر قسەی خۆیەتی!ئاخر من ئەوم خۆش ئەوێت ئیتر چی ماوە بیکەم تابزانێ من خۆشم ئەوێت!؟خۆشەویستی پێویستی بەبەڵگەنیە!خیزانەکەی گەیشتوەتە بن بەستی وکۆتایی رێگا!؟

ئا: هێڤار زەنگەنە




# مێژووی هاتوچۆ و ئۆتۆمبیل

## مێژووی یەکەمین ئۆتۆمبیل

مێژووی دۆزینەوەی عەرەبانە بۆ شارستانیەتی سۆمەری یان وڵاتی نێوان دوو روبار دەگەڕێتەوە پاشان شارستانیەتی رۆژئاوا کە بیری لە جوڵانەوە کرد کە بە مێشکیاندا هات، لە ساڵی (١٦٤٥) لەرێگەی (جین تیسۆن) ەوە یەکەمین عەرەبانە دیزاین کرا، بەڵام ئەم عەرەبانە هیچ برێکی تێدانەبوو، هەروەها نە جێی پێ لە بەنزین نان و نەش سوکانی لێخۆرین، زۆر جار پشتی بە قاچی ئەوانە دەبەست کە لەسەری بوون، پاش ئەوە لە ساڵی (١٧١٧) (لوف ماشین) لە رێگەی (کاریل)ەوە داهێنرا و لە رێگەی (فینس جوهانسۆن)ەوە کە ئەسپی وەکو هۆکارێک بۆ راکێشانی ئەو عەرەبانانە بەکارهێنا، لەساڵی (١٧٣٩) یەکەمین ئۆتۆمبیل وبچمەکەی لەرێگەی (مکمالین)ەوە داهێنرا کە بریتی بوو لە سەندوقێکی ئاسنین و چوارچێوەیەکی داری هەبوو تایەکانیشی هەر لە دار دروستکرابوون، یەکەمین ئۆتۆمبیل کە سوکانی هەبووبێت کە بیرۆکەیەک بوو لە نێو سوپای فەڕەنسا لە ساڵی (١٧٦٩) لەرێگەی (نیکۆلاس جۆزیف)ەوە داهێنرا. پاش ئەوە ئۆتۆمبیل بوو بە بەشێکی گرنگ لە ژیان و کلتووریان، بەلا!م بیرۆکەی ئۆتۆمبیل پەیوەست بوو بە چەمکێکی دیکە کە پێی دەگوترا (مەترسییەکانی رێگە و رەنگدانەوەی لەسەر داهاتوومان)، یەکەمیت رووداوی ئۆتۆمبیلێکی خاوەن بزوێنەری هەڵمی لە ساڵی (١٧٧١) روویدا، لە ماوەی ساڵی (١٨٩٩) یەکەمین رووداوی زۆر دڵتەزێن رووی دا کە بووە هۆی کوژرانی شۆفێرەکە و خاوەنی ئۆتۆمبیلەکە، پاشان پاش ئەوە جیهان گرنگیی بە پێوانەکانی سەلامەتیی رێگادا. سیناریۆی ئێستا لە رێگەی ئامارەکان ساڵانە دەکوژرێن و ملیۆنەها کەس لەرێگەی رێگەوبانەکان و رووداوەکانیانەوە تووشی هەزاران کێشە و نەخۆشی دەبنەوە کە مەترسیی بۆ سەر داهاتوش هەیە.

## یەکەمین تابلۆی تۆمارکردن

یەکەمین تابلۆی تۆمارکردن لەرێگەی پۆلیسی هاتوچۆی فەڕەنسییەوە لە ساڵی (١٨٩٣) جێگیرکراوە.

## یەکەمین یاسای هاتوچۆ لە جیهاندا

یەکەمین یاسای هاتوچۆ لە بەرتانیان دارێژرا و دەرچوو ئەوێ کات ئەو یاسایە ناونرابوو یاسای ئۆتۆمبیلەکانی بەریتانیان، هەروەها بەیاسای ئاڵای سوور دەناسرا و ئەم یاسایە لە ساڵی (١٨٨٥) دەرچوو، ئەم یاساییە پێویستی بە سێ کەس هەیە بۆ ئەوەوەی لە شەقامی یەکەمدا ئامادەبن کە لە شەقامدا یەکەمیان رێدەکات و دووهەمیشیان لەسەر شۆستەکە راوەستاوە کە دەڕوانێتە شەقامەکە و سێهەمیشیان بۆ ماوەی (٦٠) یاردە لەپێش ئۆتۆمبیلە جوڵاوەکە رێدەکات و ئاڵایەکی سووری بەدەستەوەیە بۆ ئاگادارکردنەوەی ئەو ئۆتۆمبیلانەی دێن بە کردەی جوڵانەوەکە.

## یەکەمین هێمای هاتوچۆ لە جیهاندا

یەکەمین هێمای هاتوچۆ لە جیهاندا لە ویلایەتی (دیترۆیت)لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دانرا لە ساڵی (١٩١٩)، هەروەها یەکەمین هێمای هاتوچۆ لە بەریتانیا دانرابێت لە شاری (وڵفەرهانتن) بوو لەساڵی (١٩٢٨)، لەگەڵ ئەوەشدا هێمای هاتوچۆ نەگەیشتە شاری لەندەن و بەکارنەهێنرا هەتاوەکو ساڵی (١٩٣٠).

## یەکەمین وێستگەی سوتەمەنی

یەکەمین وێستگە کە لە جیهاندا دامەزرابێت

لە ئەمریکا بوو لە ساڵی (١٩٠٦).

## یەکەمین ڕووداوی هاتوچۆ

یەکەمین ڕووداوی هاتوچۆ لە ساڵی (١٧٧١) ڕوویدا لە پاریس لەڕێگەی ئۆتۆمبیلێکی بزوێنەر هەڵمی کە بە شورای باخچەی پاریس ئارسیناڵی دادابوو.

## یەکەمین هێمای پەڕینەوەی پیادە

یەکەمین هێمای پەڕینەوەی پیادە لە ساڵی (١٩٣٤) و لە بەریتانیا دانرا، بیرۆکەکەش زۆر سادەبوو بەشێوەیەک ئاماژەی بۆ شوێنەکانی پەڕینەوە بە هێڵی خاڵدار دەکرد، هەروەها لەسەر ڕێگە قیرکراوەکان تێپی پان و بەرین هەبوون کە نەخشکرابوون، پاشان شوێنی پەڕینەوەی پیادە پێشکەوتنی بەخۆوە بینی بەشێوەیەک وەکو ئەو هێڵانەی لە کەری وەحشی هەبوون لێهات، بۆیە بە (زیبرا کرۆسینگ) ناسرا، ئەم پێشکەوتنە پاش جەنگی جیهانیی دووهەم ڕوویدا.

## یەکەمین ئافرەتی پۆلیسی هاتوچۆ

یەکەمین ئافرەتی هاتوچۆ کە بۆ چاودێری و کۆنترۆڵکردنی جوڵەی هاتوچۆ لە شەقامدا دانرا لە پاریس بوو لەساڵی (١٩٦٤)، لە هیندستان لەساڵی (١٩٨٩) ئافرەت وەکو پۆلیسی هاتوچۆ لە شەقامدا بەکارهێنرا.

## یەکەمین ڕێگەی قیرتاو

یەکەمین ڕێگەی خۆڵ کە قیرتاوکرا لە ساڵی (١٩٠٢) بوو، ئەوێ کات بەردی پتەو بۆ قیرتاوکردنی شەقامە خۆڵەکان بەرکادەهاتن، یەکەمین ڕێگەی لە شاری (مۆنتۆ کارلۆ)بوو بیرۆکەکەش هی هی دکتۆرێکی سویسری (کوجیلی لمنتی)، لەسەرتادا بە ماددەی زفتی سارد قیرتاو دەکرا لەگەڵ ماددەی دیکە، پاشان پێشکەوت بۆ بەکارهێنانی زفتی گەرم وشوێنی پەستانی ماددەی قیر.

## یەکەمین یاسای هاتوچۆ لە بەریتانیا

یەکەمین یاسای هاتوچۆ لە بەریتانیا کە لە ساڵی (١٩٠٤) دەرچوو، ئەم یاسایە سەرجەم خاوەنی ئۆتۆمبیلەکان پابەند دەکات بە تۆمارکردنی



ئۆ تۆ مبیلە کا نیا ن لە فەرمانگە پسپۆڕییەکان و نەدەکرا ئاسانکاری بۆ هیچ ئۆتۆمبیلێک بکرێت ئەگەر تابلۆی تایبەت بەخۆی نەبوبێت، هەروەها خاوەن ماتۆڕسکیلەکانی پابەنددەکرد بۆ ئەوەی مۆڵەتی تایبەت بەوەیان پێبێت.

یەکەمین کەس بەهۆی ڕووداوی هاتوچۆوە دەستگیرکرابێت

یەکەمین کەس بەهۆی ڕووداوی هاتوچۆوە دەستگیرکرابێت کەسێک بووە ناوی (جۆن هنری نایت) کە دەستگیرکرا و بەهۆی بەکارهێان و لێخوڕینی ئۆتۆمبیلەکەی بەشێوەیەکی دوور و پێچەوانەی سیستەمەکانی هاتوچۆ، ڕەنگە یەکەمین کەس بێت مل کەچی دادگایی کرابێت





## ئاودەستێکی گەرۆک بۆ نانسی عەجرەم !

لە یەکێک لەگەڕەکە هەژارەکانی ڕیباتی پایەتەختی مەغرب،نانسی عەجرەمی گۆرانی بێژ،تاقەمەرجی ئەوەبوو ئەبێ ئاودەستێکی مۆدرێنی بۆ دابین بکرێت،ناچار ڕێکخەرانی ئاهەنگەکەئاودەستێکی گەرۆکیان بە بڕی چوار هەزاردۆلار بۆ بەکرێ گرت تا ئاهەنگەکە سەربکەوێت،شایانی باسە ئەم جۆرە ئاودەستانە بۆ گەورە بەرپرسانی سیاسی دەستەبەر ئەکرێت!





## (٣,٣)بلیۆن مۆبایل لە جیهان هەیە

یەکێتی نێودەوڵەتی بۆ گەیاندن ئاشکرای کرد لە جیهاندا سێبلیۆن وسێسەد ملیۆن موبایل لە ساڵی (٢٠٠٧)لەکاردا بووەنە وئەوەشی ڕاگەیادن ساڵانە ڕێژەکەلە (٢٥٪)لەزیاد بوونە، لە هند (١٥٤)ملیۆن مۆبایل هەیە ولە چین (١٤٣)ملیۆن مۆبایل بەکار دەهێنرێت، ئەمە لەکاتێکدا لە ساڵی (٢٠٠٥) تەنها (٨٠٠)ملیۆن مۆبایل لەکاردا بووە .

## فواد هاشم نوسەری سیاسی کوێتی پەشیمانە لەتاشینی نیوەی سمێڵەکانی!

لەکاتی کێشەی لوبنان فواد هاشم نوسەرێکی کوێتی لەنوسێنیکدا بەلێنی دابوو ئەگەر سیاسیەکانی لوبنان لەقەتەر ڕێبکەون ئەوە ئەو بۆ ماوەی یەک مانگ لایەکی سمێڵی دەتاشی ولاکەی تری دەهێڵێتەوە،ئەمەشی لەڕۆژنامەی وەتەنی کوێتی بڵاوکردەوە!لەبێ بەختی ئەم نوسەرە ئەوان ڕێکەوتن وئەویش ناچار پەشیمان بووەوە!




## پیرە پیاوێک سوپاسی دوو دز ئەکات

پیرەمێردێکدوو جانتای گەورەی بە کۆڵەوە بوو لە ناوکاو دوو دزی گەنج هەڵیان کوتایە سەری هەردوو جانتاکەیان لێ دزی،لەبێ بەختی دزەکان پۆلیس هەردووکیانی گرت،دوای ئەوەی پیرەمێردەکەیان بردە لای پۆلیس پیرەمێرد هەردوو دزەکەی ماچ کرد وسوپاسی کردن،چونکە ئەو دوو دزە ئەو دوو جانتایەپڕ لەخاشاک وپیسیماڵەیان لە کۆڵ کردووەتەوە وئەو بارە قورسەیان بۆ فڕێداوە ئەگەر ئەوان نەبونایە ئەوە دەبوایە ماوەیەکی زۆر بە پێ ببیردایە،میرەمێردی بەستە زمان خێزانەکەی زۆری لێکردووە ئەو بارە قورسە فڕێ بدات!!



## توتیەیەک ناویشانی ماڵی خۆیانی لەبەرکردووە

دوای ئەوە پۆلیسی واشنتۆن توتیەکیان لەشەقامەکان دۆزیەوە، نەیانزانی خاوەنی ڕاستە قینەی کێیە؟بەڵام ئەوەی توشی سەر سوڕمانی کردن، ئەوەبوو بەبەغاکە تەواو ناو نیشانی ماڵی خاوەنەکەی لەبەر بوو،ناوی ماڵ وشەقام وژمارەی دەرگای پێ ووتن بەئاسانی بردیانەوە بۆ ماڵی خاوەنە بەختەوەرەکەی !



# دکتۆرای شانازی بۆ خەڵکی کوردستان

ئەگەرچی لەروکەشدا بڕوانامەی دکتۆرای بەڕێز سەرۆکی حکومەت وەکو تاکە کەس و نێچیرڤان بارزانی وەری گرتووە، بەڵام ئەگەر لەماناو دەلالەتەکانی وورد بینەوە رێك دێینە سەر ئەو راستییەی کە خەڵکی کوردستان و حکومەتەکەی بەهەموو باشەو خزمەت و کەم و کورتیەکانیەوە دکتۆرای شانازییان وەرگرتووە، چونکە ئەوە سەرۆکی حکومەتی ئەم هەرێمە بەدوژمن دەورە دراوەی کوردستانە کە سەرەڕای هەبوونی چەندین دوژمنی بێ بەزەیی و دەیان و سەدان لەمپەر توانیویەتی وەکو یەکەم کەس کە ئەمریکی نەبێ بەهۆی تێکۆشانی لەپێناو خزمەت کردنی خەڵك و دابین کردنی دیموکراسی و بنیات نانی کۆمەڵگەی مەدەنی دکتۆرای شانازی پێشکەش بکرێ.

ئەمە بۆ کوردێك کە سەرۆکایەتی حکومەتی کوردستان دەکات، حکومەتێك کە نەك لەلایەن دەوروبەرو زۆر لایەنەوە دانی پێدا نەنراوە بەڵکو بەچوار رژێمی فاشی دەورە دراوەو هەمیشە لەپیلان و بۆسەدان بۆ فشار خستنە سەر ئەم حکومەتەو تەنانەت لەنێو بردنی هەوڵ ئەدەن، حکومەتێك دوای چەندین ساڵ شەڕو ناکۆکی نێوخۆیی و ئەنفال و کیمیاباران و وێران کردنی زۆرینەی گوندو دێهاتەکانی درووست بووە، حکومەتێك لەچەندین حزب و پارت و پێکهاتەی جیاواز درووست بووەو پێویستە دڵی هەموویان رازی بکات، حکومەتێك تەنانەت حکومەتی ناوەندی وڵاتەکەی خۆیشی دژایەتی دەکات و کێشەی بۆ درووست دەکات و نایەوێ پێش بکەوێت، حکومەتێك کە دەبێ رووبەڕووی چەندین کێشەی ناوخۆیی گەورەی وەکو کارەباو ئاو و خزمەت گوزاری ببێتەوە، حکومەتێك کە دەبێ دڵی تۆراو و تورەو بەگلەیی خەڵکی کوردستان ئاشت بکاتەوە، حکومەتێك کەدەبێ رووبەڕووی هەرەشەی تیرۆرو سنوورێکی دەورە دراو بەدوژمن و دراوسێی کارگەی تیرۆر ببێتەوە، حکومەتێك کە دەبێ تەرازووی کێشەکانی لەوێنەی بوونی یەکەکەو هێرش و دەست درێژییەکانی تورکیا ببێتەوە، حکومەتێك کە رووبەڕووی شەڕی یاساکانی نەوت و گرێبەستەکان و بودجەی وڵات و مووچەو بودجەی پێشمەرگەو دەیان یاسای تر بووەوە، حکومەتێك کە شەڕی گەورەی جێ بەجێ کردنی مادەی ١٤٠ و گەڕانەوەی کەرکوکی کوردان وناوچە زەوت کراوەکانی تردەکات، حکومەتێك بەو هەمموو دەردە سەری و نەهامەتی و کێشەو ئەرکانەوە ئەوەندە بپرلە خزمەت و ئاوەدانکردنەوە بێت والە زانکۆیەکی ئەمریکی بکات هەست بەبەرپرسیارێتی بکات لە ئاستی سەرۆکەکەیداو دکتۆرای شانازی پێ ببەخشێت، حکومەتێکی وا مایەی شانازییە بۆ هەر کوردێك کەهەست بەبەرپرسیارێتی بکات.

سەیرم پێ دێ هەندێك کەس خۆیان دەدەن لەگێلی و دیانەوێت لەبەهای ئەم دەستکەوتە کەم بکەنەوەو بەلایانەوە گرنگ نەبێت، بەتایبەت ئەوانەی کەخۆیان ئامادە کردووە بەهەموو شتێك بڵێن خراپ، دیارە وەرگرتنی ئەم بڕوانامەیە پێش هەموو شتێك وەڵامێکی زۆر گونجاو و لەجێی خۆیدا بوو بۆ ئەوانەی چی کورد چی غەیرە کورد کە حکومەتی کوردستانیان لەیەکدانی هیچ کردووە و هەمیشە (نا)یان ئامادەیەو بەبێ بیرکردنەوە بەهەموو شتێك دەڵێن خراپ، ئاخر زۆر هەوڵ درا بۆ ئەوەی روویەکی خراپ لای ئەوروپاو ئەمریکا بۆ کوردستان درووست بکەن و وای پیشان بدەن کە لێرە وڵات بێ خاوەنە هیچ شتێك لەجێی خۆیدا نییەو ناوی ئەوەی یاسا وئازادی بێت تێیدا نییە، بەتایبەت وڵاتێکی وەکو تورکیا کە تۆمەتی یارمەتی تیرۆری دەدایە پاڵ حکومەتی کوردستان ( کێشەی یەکەکەیە).


سەرنووسەر

ئەم دەستکەوتە بەتەواوی ئەوانەی وت ئەوەی ئێوە دەربارەی کوردستان و حکومەتەکەی دەیڵێن هیچیان وانین و رێك پێچەوانەکەی راستەو حکومەتی دیموکراسی و مەدەنیەت و ئازادی رۆژنامەگەری و خزمەت کردنی خەڵکە، پەیامێك بوو بۆ تورکیاو هاوشێوەکانی کە چیتر بێ دەنگ نابین لەئاست دەست درێژی و ناماقوڵییەکانتان و پێویستە ئێوەیش گرنگی و گەورەیی ئەم حکومەت لەبیر نەکەن و هەموو مامەڵەیەکی لەگەڵدا بکەن و ئەم حکومەتە ئەوە نییە کە ئێوە باستان کرد، کەدیارە ئەم پەیامە گەیشت و هەر زوو زۆر لایەن بە سیاسەت و کاری خۆیاندا چوونەوە.

هەڵبەت نکوڵی لەوە ناکرێ کە تاوەکو ئێستایش خەڵکی کوردستان زۆر کێشەی سەرەکی ماوە چاوەڕێی چارەسەرن، بەتایبەت شارو شارۆچکەو گوندەکان و ناوچە کەنار کەوتووەکان، بەڵام ئەمەش بۆ حکومەتێك کە رووبەڕووی ئەو هەموو کێشەو بارودۆخانە بوو بێتەوە کە ئاماژەمان پێدان ئەوا شتێکی ئاساییە، چونکە ئەگەر تەماشای کاری دوو ساڵی رابردووی حکومەت بکەین دەتوانین چاوەڕوانی ئەوە لەحکومەتی کوردستان بکەین کە سەرئەنجام شەپۆلی کارو خزمەتگوزاری کێشەو کەموکورتییەکان رادەماڵێ.